# نیشتمانی لاو

**سەلام عومەر**

لەویَ لەناوبیرکردنەوەیەکی بەردەوامداو لە رۆخی دەریاو باڵەخانە کاکی بەکاکییەکاندا, لەناو ئازادی رەهاو خانمە سادەو نیانەکانی تەراوگەدا, لاو هەمیشە خۆی بە نامۆ دەزانیَو پیَی وایە شویَنیَکی دیو نیشتمانیَکی دی هەیە بۆ بەتالکردنەوەی خەونو ئازادییەکانو ماڵیَکی دی هەیە کە دەبیَت لەویَدا دوا ساتەکانی ژیانی لە نیَو بەردەلانو چیا هەزار بە هەزارەکاندا بتویَتەوەو لەگەلیَدا ئاویَتەیەکی دی دروست بیَت بەدەر لەو خەونە رەنگاورەنگانەی لە هەندەراندا بەدی دیَن, ئەویش کوردستانە.

بۆیە کۆرەوی لاوان لەو کاتەدا دەستی پیَکرد, کە بەهاکانی فرۆشراو هیچ شتیَك بۆ ئەمی تەنها نەمایەوە جگە لەرەو, رەو بەرەو ئەو هەندەرانە نامۆو زۆر دوورانەی کە هەموو شتیَکی لیَبوو جگە لە نیشتمان.

لەویَ ژیان پڕ لە بەهاو... ئەو یەکسانیو خۆشەویستیانەی لیَرە نەبوون,لەویَ دەست دەکەوتن ،هەرمەترسییەکیش لیَرە هەبا ئەوان لەویَ بەجموجۆڵ دەکەوتن و وەك ئیَستا خۆشەویستیان هەڵدەڕشت، لیَرە دەسەلات هەموو ئایدیاکانیدا بە جبەخانەو کەسایەتی لاوی پیَ گەمارۆدا, ئایندەی لاو لە مەترسییەکدابوو بەرەو لەناوچوون, تفەنگ ژیانی دروست دەکردو لوتکەو گردۆلکەکان بە خویَنی ئەوان دەناسرانەوە, نیشتمان دۆزەخو تەراوگە خەونە ونبووەکان, لە کویَ ژیان ئارام بوایە ئەوان لەویَ بوون, ئەویَیەك لیَواو لیَو لە داهیَنان دنیایەك لە جوانیو خالی لە نیشتمان.

ئەو کاتە لاو نیشتمانی بەتالکرد, کە دەسەلات شەڕی دەسەلاتی دەکرد, بریقەو ماناکانی ستاتیکا ببوونە نیشانەو لاویش بەرەو تەراوگە بەرەو نامۆ بوون سنوورە ترسناکەکانی دەبڕی ، جگە لە هەگبەیەك کە پڕبوون لە یادگارییەکان چیدی نەدەبرد، دلی لیَرە لەناو نیشتمانو ئازیزانیو خۆشی دەدایە دەست ئەو قەدەرە ونەی، یان ئەوفەنابوونەی کە لە دوور کەوتنەوەیدا زیاتر نیشتمانی خۆش دەویست, چونکە ئەویَ شەقامو پارکە رازاوەکانی پڕن لەگەلاو گولە سروشتییەکان, بەلام سەیرانەکانی سەرچنارو هەواو نەرمە ئاوەکەی بیَخالی لیَدەست ناکەویَ, لەویَ هەموو جۆرەکانیمەی هەن، بەلام خەیالی ئارەقە فەلەکەی ئیَرەت نادەنیَ.هەمو ئەوانە بەسەرچون ،کەچی سەرلەنویَ لاولیَرە خەریکی رەویَکی ترە بەرەو هەندەران و هەندەرانیەکانیش یان بەزۆر دەیان نیَرنەوە یان خۆشەویستیان بۆ نیشتمان دەیان رژیَنیَتەسەر شەقامەکان،بۆیە لەهەرهەموو ساتەکاندابەتالبوونەوەی نیشتمان لە لاوەکان کچەکانمان لیَ قەیرە دەکا, ئەو کچە تورتو سرکانەی لە نیشتمانی خۆیاندا نامۆو تەنهاو شەوانیان بەدەم خەیالو خەونە خۆشەکان بەڕیَ دەکەن, شەوە تاریكو دریَژ کان بیَ راموسانو بە تەنهایی خالی دەکەنەوە.

لیَرە لە نیشتمانی قەیرەییو دەسەلاتەکانو ژنە شەهیدو مندالە بیَکەسەکاندا, خەون بە ئارامیو ئازادی رەهاوە دەبینرا, خەونیَك لە دایکی شەهیدەکانی شاخەوە دەردەچووو لاوانی تەراوگە شیان دەکردنەوە, بەلای ئەوانەوە تراژیدیاکانی نیشتمان خەونی هەندەرانینو لە گەڕانەوەیاندا لە بیردەچنەوە, ئەو گەڕانەوە بە زۆرو مەرجدارانەی کە نیشتمانیان لا خۆشەویستر دەکاتو رۆخی دەریاو باڵەخانە کاکی بەکاکییەکانو شەقامو پارکە خاویَنەکانی ئەویَ, هی وان نینو ئیَستا دەکریَ بەرەو خاکیَك بگەڕیَنەوە کە دەتوانن لیَی دابەزن, دەتوانن لیَرەوە بەسەر ئەو سەرەتایانەدا بچنەوە کە پیَشتر نەیاندەزانی, دەتوانن فیَری ئەو دیموکراتییەمان بکەن کە لەویَ هەیەو دەتوانیَ دەسەلات نامۆکا, ئەو دەسەلاتەی لاوی لەتەراوگە فڕیَداو بەهاکانی لیَسەند, دەکریَ لە بری ئەوانە دەسەلاتیش بەخۆیدا بچیَتەوەو سوود لەو توانایانە وەرگریَت کە ئیَستا پیَویستی پیَیەتیو نازانیَ بەکاری بیَنیَ.ئەو توانایانەی لەهەمو ساتە ناسکەکانی نیشتماندا وەدەردەکەون وەدەبنە پشتوپەنا.

چونکە ئەو سەرەتایانە بەسەرچوون, کە رەوەکانیان دروستکرد, ئەم نیشتمانە هی هەمووانەو ئەگەر هەموو وەك یەك نەژین ئەمجارەیان دەسەلاتەکان ویَنای رابردووی لاوەکان, بەرەو تەراوگە سنوورە ترسناکەکان دەبڕن, بەرەو نامۆبوون جگە لە هەگبەیەك کە پڕە لە یادگارییەکان چیدی لەگەڵ خۆیان نابەن.